# ڕۆژی بەخۆداچوونەوە ،یان ڕۆژی سزاوەرگرتن ..!!

د.فایق محەمەد گوڵپی

نزیکەی مانگێك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی لە پەرلەمانی عێراق بۆ بەخۆداچونەوە یان سزاوەرگرتن لەبەردەستایە ، سیستەمی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە گەڵ هەڵبژاردنی ڕابوردودا جیاوازی هەیە ، لەم هەڵبژاردنەدا لیستەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان پێکهێنراون و بۆ کێبڕکێ دادەبەزێنرێن . ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پەرلەمان بۆ هەر پارێزگایەك دیاری کراون . لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك ، هەموو کاندیدەکان کوردن و ئەو کەسانەش کە بۆ ئەنجومەن سەردەکەون هەر کورد دەبن . ئەم ڕاستیە چیمان پێدەڵێت ؟ پێمان دەڵی ، ئەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ، خاوەنی پارە و کەناڵی ڕاگەیاندن و دام و دەزگای دەوڵەتی ، ئەگەر ئێوە کوردی دڵسۆز و ڕاستەقینەن ، بەرژەوەندی گەل لە سەروی بەرژەوەندی حزبەوە دادەنێن ، مادام لەم 3 پارێزگایەدا هەر بەتەنها ئەندامانی کورد بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی پەرلەمانی عێراق سەردەکەون ، دە واز لە گزی و ساختەکاریەکانی هەڵبژاردنی ڕابوردوی پەرلەمانی عێراق بهێنین ، مەیکەنە هەراو هوریا و بڵێین ئەگەر دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەدەن ژمارەی ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عێراق کەمدەبێتەوە . ئەگەر ئێوە نووزەیەکی دەنگی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤتان بە گوێدا چووە ، ئەمجارە کەمێ کاری پێبکەن و پەیڕەوی بکەن ، چونکە ئەگەر خۆتان بە دڵسۆزی کورد بزانن ، پەیڕەوکردنی ئەم چەمکانە لە کاری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیدا گەورەترین چەکی بەرگریە لە دەسکەوتەکان و چەکی بەدەستهێنانی ئامانجی گەورەتریشە ، ئەگەر ئێوە خۆتان بۆ ئەم ئامانجانە ئامادەکردبێت ؟!.

گەورەترین بنەمای خۆگۆڕین بەرەو کلتور و سیستەمی دیموکراسی ئەوەیە کە واز لەو بۆچوونە بهێنن خۆتان بە هەموو شتێك بزانن ، سەرچاوەی ڕاستی و دادپەروەری هەر خۆتان بن ، مێژوو بە تەنها لە لایەن ئێوەوە تۆمار کرابێت . ئەبێ ماف بدەنە ئەو کەس و لایەنانە ، دەرفەتی کاریان لێزەوت نەکەن کە ئامادەکاریان تێدایە بە دڵسۆزیەوە ڕەوشی سیاسی و ئابوری و کومەڵایەتی کوردستان بپارێزن و پێشیبخەن . بە بڕوبیانوی هەڵخەڵەتێنەری بێبنەما جەماوەری سادەی کوردستان لە بەرامبەر هێزە سیاسیەکانیتر چەواشە نەکەن ، لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتیەکانتانەوە ناو و ناتۆرەی نابەجێ نەدەنە پاڵ لایەنە نەتەوەیی و دیموکراتەکان .

ئەم دەنگ بەرزکردنەوە و نوسینەی من و هەرکەسێکی تری دڵسۆز ، هەمووی لە پێناوی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردایە ، بۆ ئەوەی وەك هەڵبژاردنی ڕابوردوو ناومان لە لیستی ڕەشی پارێزگاکانی عێراق دا نەبینینەوە ،لەکەیەکی تر لە سەر ناوچەوانی ئەزمونەکەمان و خەباتی نەتەوەکەماندا نەنوسینەوە .

ئێوە دوو ڕێگەتان لە بەردەمدایە ، یان خۆگۆڕین بەرەو سیاسەتێکی نەتەوەیی دیموکراتی یان سزایەکی قورسی دیموکراتیانەی گەل ، کە لە ڕۆژی 2005-12-15 لە سەر سندوقی دەنگدانەکان چاوەڕوانتان دەکات . لەم ڕۆژانەدا گوێتان لێبوو ، مەرجەعیەتی شیعەکان ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی وتی من ئامادە نیم هیچ کەس لە بەرپرسە سیاسیەکانی حزبەکان ببینم و بە جەماوەریش ڕاناگەیەنم کە دەنگ بۆ ئیتلافی عێراق (لیستی شیعەکان ) بدەن ، چونکە ئیئتلاف لە ماوەی حوکمڕانیدا کاری باشی بۆ جەماوەر ئەنجام نەدا . سەیری ئەم هەڵوێستە نیشتمانیە بە پەرۆشەی ئەو پیاوە ئاینیە بکەن ، ئەمە یەکەم هەنگاوی سزادانی سەرۆك وەزیرانی عێراقە لە لایەن مەرجەعیەتی ئاینیەوە ، لەو باوەڕەدام سبەینێ جەماوەری باشوری عێراقیش سزای خۆیان بە سەر ئیئتلافی عێراقیدا دەسەپێنن ، شیمانەی ئەوەش دەکرێت کەسایەتی و لایەنی تر لە هەڵبژاردنی ئایندەدا لە بلشوری عێراق دەنگ بهێنن و لە پەرلەمان کورسی بەدەستبێنن ، حکومەت پێکبهێنن و لە جەعفەری و هاوپەیمانەکانی باشتر کار بەڕێوەببەن . دوێنێ کوندالیزارایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە گەیشتە شاری موسڵ دەربارەی هەڵبژاردن لێدوانێکی داو وتی : ئێمە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق پشتیوانی لە هیچ لیستێکی پاڵێوراوی تایبەت ناکەین . هەمومان دەزانین نزیکترین لیستی پاڵێوراوکراو لە ئەمەریکاوە ، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عراق لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (لیستی پارتی و یەکێتی ) ە . دوێنێ لێژنەی بەدواداچونی دژ بە گەندەڵی لە ` کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و وەك هێزێکی فشاری جەماوەری ناوخۆیی داوای چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم دەکات ، دیارە ئەم مەرجانە بۆ ئەوە دانراون ئەگەر هەردو حزبی خاوەن ئیدارەی گەندەڵ و پارچە پارچەکەری کوردستان تا ماوەیەك ئەم داواکاریانە ئەنجام نەدەن ، چالاکی جەماوەری و دیموکراتی گەل چاوەڕوانیان دەکات و ڕۆژی دەنگدانیش ڕۆژی تاقیکردنەوەی قوتابیە تەمەڵەکان ئەبێ ، ئەمجارە ئەگەر سەعی نەکەن دەرناچن ، سەعیکردنی ئەوانیش یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێم و چاکسازی و .....شتی ترە .

بەمشێوەیە دەبینین کە کارەکتەری ناوخۆیی ، عێراقی ، جهانی ، داوا و پشتیوانی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسی دەکەن ، داوای خزمەتکردنی توێژە جیاکانی کومەڵگا دەکەن، داوای سیاسەتێکی نەتەوەیی و یاسایی هەڵبژاردنێکی پاك دەکەن . ئەگەر ئەمانەش لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجامنەدرێن هەڕەشەی سزای شارستانیانە لە سەر نوکی قەڵەم لە ڕۆژی 15-12 دا ئامادەیە و کاردەکات .

,